«بەرنامەی ڕاهێزانی مامۆستایان – پاییزی 2010»

## پاشخان

ڕێکخراوی «کۆمەک» لە ساڵی 1997 ـەوە کار دەکات بۆ گەشە کردنی بواری فێرکاریی کوردستان. لەم کارەدا چەندین پرۆژەی هەمەڕەنگی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، شار و شارۆچکەی جیاواز پیادە کردوە.

خولی تایبەت بە سەرخستنی ئاستی فێرکاری و پیشەوەرانەی مامۆستا و بەڕێوەبەرانی فێرگە بەشێکی هەرە گرینگ و بەرچاوی کاری «کۆمەک» ـە. لەم بوارەدا مێتۆدی فێرکاریی هاوچەرخ، سیستەمی کار، ئەزموونی چەندین ساڵەی پسپۆران دەبنە بنەمایەکی پتەو بۆ بەرنامەیەکی بەهێزی گەشە کردن. دەرئەنجامی ئەم خولانە هەم تیژ کردنەوەی توانای مامۆستایە، هەم دابین کردنی ژینگەیەکی لەبار و ئارامی خوێندنە لە فێرگەدا. بەگشتی پێشخستنی پرۆسەی فێرکاریی کوردستانە.

**مەبەستی پرۆژە** - سەرخستنی توانای نێزیکەی 400 مامۆستای کوردستانە و هەروەها فرەواندنی سنووری «پرۆژەی پۆلی هاوچەرخ» ـە.

**پێکهاتەی پرۆژە** - بریتییە لە چوار خولی جیاواز، بەم جۆرە:

1. خولی بنەما - بۆ مامۆستای نوێ لە سیستەمی هاوچەرخدا.
2. خولی مامناوەند - بۆ مامۆستای خاوەن ئەزموونی یەک ساڵە لە سیستەمی هاوچەرخدا.
3. خولی باڵا - بۆ مامۆستای کارزان و ئازموودە لە سیستەمی هاوچەرخدا. ئەمیان بۆ بارهێنانی کادێری باڵای فێرکارییە.
4. خولی چوارەم تایبەتە بە بەڕێوەبەر و یاریدەر.




**پێکهاتەی بەرنامەی ڕاهێزانی مامۆستایان - 2010**

بەشداری:

1 - خولی یەکەم 131 مامۆستای ئەم دەڤەرانە:
- 24 مامۆستای دهۆک
- 19 مامۆستای ڕانیە
- 47 مامۆستای مەخموور
- 12 مامۆستای کۆیە
- 12 مامۆستای چەمچەماڵ
- 11 مامۆستای ڕەواندز
- 4 مامۆستای مێرگەسوور
- 2 مامۆستای قەڵادزێ

2 - خولی دوەم 138 مامۆستای ئەم دەڤەرانە:
- 40 مامۆستای دهۆک
- 3 مامۆستای هەولێر
- 47 مامۆستای مەخموور
- 15 مامۆستای کۆیە
- 10 مامۆستای چەمچەماڵ
- 9 مامۆستای ڕەواندز
- 12 مامۆستای سۆران
- 2 مامۆستای سەنگەسەر

3 - خولی سێیەم 72 مامۆستای ئەم دەڤەرانە:
- 21 مامۆستای دهۆک
- 4 مامۆستای سۆران
- 13 مامۆستای قەڵادزێ
- 9 مامۆستای مەخموور
- 18 مامۆستای کۆیە
- 3 مامۆستای مێرگەسوور
- 4 مامۆستای هەولێر

4 - خولی چوارەم 59 مامۆستای ئەم دەڤەرانە:

- 12 مامۆستای دهۆک
- 2 مامۆستای سۆران
- 1 مامۆستای ڕانیە
- 10 مامۆستای مەخموور
- 13 مامۆستای کۆیە
- 9 مامۆستای چەمچەماڵ
- 5 مامۆستای مێرگەسوور
- 7 مامۆستای هەولێر

بەرنامەی ڕۆژانەی خولەکان بریتی بوو لە:

1) بەیانیان: وەرزش و بەرچایی 6-9
2) وانەی بەیانی 9-12
3) فراڤین 12-13
4) وانەی نیوەڕۆ 13-16
5) پشوو 16-17
6) وانەی ئێوارە 17-20
7) شیڤ 20-21
8) 21-22 فیلم و گفتوگۆ

**دەرئەنجام**

- لە کۆتای خولی یەکەم و دووەمدا، مامۆستا ئاشنای ئەم هونەرانە بوو:
  1 -ڕێکخستنی کار و ژینگەی پۆلی هاوچەرخ
  2 -مێتۆدی فێرکاریی هاوچەرخ: پلانڕێژی، گرووپکاری، هەڵسەنگاندن

3 -پتەو کردنی پەیوەندی لەگەڵ منداڵ و خێزان
4 -پێشکەشکاری
5 -دیدی دیمۆکراسی

- لە کۆتای خولی سێیەم و جوارەمدا، مامۆستا ئاشنای ئەم هونەرانە بوو:

1 -پێشکەشکاری
2 -پلانڕێژی و ڕووپێوی توانای فێرخواز
3 -دیمۆکراسی و جڤاتناسی
4 -هونەری سازمانگەری و ڕێبەرایەتی
5 -پرۆژەکاری و LFA

لە میانەی بەرنامەکەدا، بەڕێوەبەرانی پەروەردەی: مەخموور، کۆیە، ڕانیە و چەمچەماڵ هاتنە سەرەدانی خولەکان بۆ تۆمار کردنی دید و سەرنجی خۆیان. هەر لەو سەروبەندەدا بەڕێوەبەری چەمچەماڵ داوای لە «کۆمەک» کرد ڕۆژێکی تایبەت لە چەمچەماڵ تەرخان بکرێت بۆ بەڕێوەبەری فێرگەکانی ئەو دەڤەرە، ڕۆژی 2010/11/10 سەمینارێک بۆ نێزیکەی 80 بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری شارەکە ساز کرا.

فۆرمەکانی هەڵسەنگاندن کە مامۆستایانی بەشداربووی ئەم بەرنامەی ڕاهێزانە لە کۆتای هەر خولێکدا پڕیان کردۆتەوە سەنگی و پێویستیی بەرنامەی وەها بۆ مامۆستایانی کوردستان، بە ڕوونی پێشان دەدات.

ڕێکخراوی «کۆمەک»
2010-11-19

«...»




Graf**BR_1_Hellsengandn_20101029.xlsx**



بەرنامەی ڕاهێزانی مامۆستا / خولی باڵا
120
100
80
60
40
20
0
سوودم وەر گرت لە بەشدار بوونم لەم خولە
خولەکە ئامانجەکانی بەدەست هێنا (پێکا)
بابەتەکان بە شێوازێکی باش ڕوونکرانەوە
مامۆستایان لە شوێنی جیاوازەوە بەشدار بن
کەرەستەی پێویست هەبوون بۆ ڕوون کردنەوەی بابەتەکان
کار کردن بە گرووپ یارمەتی دام باشتر لە بابەتەکە بگەم
ڕاهێنەرەکان بە توانا بوون
ڕاهێنەرەکان یارمەتیدەربوون
ڕێکخستنی گشتی خولەکە باش بوو
شوێنی ئەنجامدانی خوول لە بار بوو
شوێنی نووستن و حەوانەوە باش بوو
خۆراکی ژەمەکان باش بوو
پشووی چا خواردنەوەکان باش بوو
پەڕاوگە و ڕاهێنان باش بوو
دەتوانم ئەو بابەتانەی لەم خوولە فێری بووم لە قوتابخانەکەم جێبەجێی بکەم
وەرزشی بەیانیان باش بوو
زۆر باش
باش
ناوەند
خراپ
زۆر خراپ




GrafBR_3_Hellsengandn_20101119.xlsx/




GrafBR_4_Hellsengandn_20101120.xlsx/